نیشانەی پرسیار لەناو لاپەڕەی سپی.. سەباح ڕەنجدەر

١

بەندەڵی کاتژمێری ناو مزەخانە لە دەمار بەتاڵ بووە
وەك گونی نێریی خەساو شڵەبووەتەوە
پەنجەرەشی سەری لە بەر خۆیەوە ناوە
شاوەیخنە و هاوشێوەی کە دەن باڵیان دەنووک
دەنووکیان خەنجەر و جۆن
چەنووکیان شمشێر و بەڵا
چاویان ئاژاوەگێڕ و بڕچووك
هاتنی شەزادە و بەڕێوەبەری شەڕ
برین بە سنوور و پێوانە گۆڕە دەکا و لێوی بزر دەبێ
بوومەلەرزەش لە دەوروبەر دەجەنگێ
شیعر و هاوشێوەی گەرم دەژین و نەرم و خودایی هەنگاو دەنێن
مانگ بەسەر ماڵانەوەیە
ڕووبارێک دێ لێ سینگی مەڵەوان دەدا
دوای ئێوەی چووینە ناوی گوڕچکەماسیمان بە دەستەوە بوو
لە خاتی ڕووناکی لێی بووردین
دەتوانین بە یەکتری بڵێین سڵاو و ڕۆژباش
لە سڵاو و ڕۆژباشدا بادەمان پێ و تەواو هەقیقەتین
هەمی شێونمین
هەمی خۆ نین
چیا گوڵەحاجیلەی بەدەستەوەیە
ئاسپێکی ڕووخێشیش لە حەوشە و ماڵمان پشتی خۆش دەکا
تەزوو بە ڕێگادا دەهێنێ و گوڵت لە دەنگی دێت دەبێ و پێت دەڕێ بەڕێ
گێشتت بەرەو خاتی ڕووناکی فەرموو ئەنگوستیلەت لە سندووق دەربهێنە
گوڵەبەڕۆژە ئاوێدەداتەوە
ئاسمانیش ناخ و ئەدگارە حەوت ئاواز دەخوێنێ
* * *

خەڵر لە قووڵایی و ڕوونیی ژیان دێتە دەرێ
کەم شارەزا و دەڵێر نییە بە دەمی پێ حیکمەت و چرپەوە پرسیاری خێی دەکا

٢
ئاسمان لە شادیدا پێ ئەستێرە و مانگ دەبێ
هەنگ نیشانەی نهێنی دەناسێ
تکۆشانی خەڵکی دەگەڵتەوە و خۆشی ناخاتە مەترسییەوە
بەهەشت هەنگی نییە یان هەنگی نەناسراوە
کە لەدایک بوو ماڵیان نزیک گەڵستان بوو
لە مەردمندا ئیدا بەرخۆکانی دەبردێ ناو گەڵستانێکۆ و هەڵدەستانەوە
سەر پاشوو
دەنگیان دەهات و ون نەدەبوون
گەنج بوو لەم گەڵستانەدا گەڵی بێ زار
خزم و کەس و برادەر و ناسیاوی خەڵکی لە دا و بەڵزەوێ ناشتوونی
دارەبازێشی گەڵاندووتەوە مزگەوت
ئەستا خەڵی و منداڵی و نەوە و گوڵی گەرمی تێیدا نێژراون
سەری بێ ناوچەوانی ئاسکێک کردووێ
لە هووناکی گەردوونیدا
تەماشای هەزارەی تازە دەکات
پیرەزەی سەرگەڵیش دەژمێرێ
دەبێتە شەهرەزادی چیرۆك و بەردی حەوت پەیکەر

* * *

کۆڵۆك هەموو کۆلە و ناویش هێزی دەست بەدەوەگرتن
دەیکاتە تانوپۆ و ئومێد و هەموو دەتوانین قسەی لەگەڵدا بکەین
٣
گردێک باخچە و سەنگەری بەسەرەوەیە
درەختی خەڵسک قەدیان وەک دووگوردی نوێژ چنیوێ
ناهەڵن خودی لە یەک بترازێ
گۆڕەی خوداوەندان گرد لەسەر
سابوون و
هەسان و
سەوێ و
سەهەڵ باڵا ناکا و هەوا ناگەڵێ
کەناری نزمیش فریودەرێ
بەردی گۆکان ناوچەوانی بووەتە هەست و دەمی بە تووڕەیی دەکاتەوە
لە کازیوەی لەڵ نامۆنتەوێ
خەڵمۆش لەسەر خەی لا دەدا
هەڵگ و خەڵی گۆشکردن بێ خەی هەڵدەبژێرێ

دەتوانێ چاوەڕێ بکا
سیشی بێگرانی هەناسێ نەدا
* * *
جەژنی بە کەژاوەیە و لووتکە پڕی گوت ونم مەکە
لە باڵای باز و هەوەزان ئەستێرەی کەبەهار دەکوژێ

٤

دەستنووسی ئایین هۆشتی یەکەمی زەوی تەدا نییە
نازانرێ پێنجەرە چۆن دروست بوو
تروسکاییەکی خامۆش
دەستی گرتین و دەزووی یەکترد زینەوەی داینە دەست
درێخت ئەوارەخوانی خۆبەخشینی
بێنوبەرامە و بەروبوومی هەڵ خست
کە لەک نزیک بوویندەوە دڵپەرت بووین
پێستی ئاسمان و هوونی ئەزەل هەبزێکا
مازوو بێ هانای منداڵانەوە هات
کردیانێ موورەو و تەپ و مێری دەرگای ماڵی گەردوونی
بانگی ئاژەڵمان کرد بێ وەڵام ماینەوە
تیرمان سوار کرد و تەوی سروودی هەڵەتاندمان وەشاند
زەوی چووە توخمی سەرسوڕمان و لێپی کردەوە
لێ لەچکی هۆشتی یەکەم دەزرایەوە
* * *
زەوی کە شووڕەی دانرا و بەرەو شار چوو
لە ناوکی گەمارۆ درا هۆشتی بزر بووەوە